# یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتیی ئێرانی دوای چەندین ساڵ بەندکردن ئازدکرا

سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دەزگای دادوەری ئێران ڕایگەیاند: حەمید نووری کە پێنج ساڵە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادە و چەند کاتژمێرێکی تر دەگەڕێتەوە ئێران.

کازم غەریب ئابادی، سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دەسەڵاتی دادوەری ئێران لە تویتەکدا نووسیویەتی: حەمید نووری کە لە ساڵی 2019ەوە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادبوو و دوای چەند کاتژمێرێک دەگەڕێتەوە ئێران.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بە هەوڵی هاوکارەکانم لە دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی ئیتلاعات و وەزارەتی دەرەوە بەتایبەت برای شەهیدم دکتۆر ئەمیر عەبدولڵاهیان، کە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران بووە.

حەمید نووری کێیە؟

حەمید نووری ناسراو بە "حەمید عەباسی"، یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتیی ئێرانی لە گەوهەردەشت، بە دوو تاوانی سەرکیی شە و کوشتنی بەئەنقەست لە سوید دادگایی کرا.

ناوبراو لە ساڵی 2019 بەهۆی بەشداریکردن لە لەسەدارەدانی بەکەمەی زیندانییانی سیاسی لە ئێران و

ئەژەنەراتی کوردستان، سزای بەندکرانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپەندرا و لە پارێزەرەکانی حکومەتی ئێران داوای دادگای پێداچوونەوەیان کرد.

دادگای پێداچوونەوە لە سوید، دوای پشتڕاستکردنەوەی حوکمی هەتاهەتایی حەمید نووری ڕایگەیاند، هەڵسەنگاندنی ئەمە ئەوەیە کە ئەو دەسیسەیە لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەهێز و جێگەی متمانەیە و دادگا سەبارەت بە تەمەتە هەبەستراوەکان بەگەی پەویستی لەبەر دەستدایە.

لە کەتایدا سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دەزگای دادوەری ئێران ئەمرە ڕایگەیاند،حەمید نووری کە پێنج ساڵە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادکراوە و چەند کاتژمێرێکی تر دەگەڕێتەوە ئێران.